www.kurdistannet.org

# با بەخەباتی یەکپارچەمان ناردنی هێزی داگیرکەری تورکیا پووچەڵ بکەینەوە

بەپێی ئاژانسەکانی هەواڵ لە دنیادا ڕۆژی ٧_١٠ پەرلەمانی تورکیا بڕیاری ناردنی هێزێکی سەربازی گەورەی بۆ عێراق پەسەندکرد . لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا ئۆردوغانی سەرەک وەزیرانی ئەو وولاتە بەتەوسەوە گومانی لەوە دەربڕی کە ئەنجوومەنی دەسەلاتی عێراقی بتوانێ لەدژی ئەو بڕیارە بوەستێتەوە.

ناردنی سوپای تورکیا بۆ بەشداریکردن لەداگیرکردنی عێرقدا هەوڵێکی تری ئەمریکایە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئەزمە توندەی کە لە عێراقدا تووشی بووە .

هەوڵەکانی یەک مانگی پێشووی ئەمریکا بۆ شەرعیەتدان بەمانەوەی درێژماوەی لەو وولاتەدا لەژێر پەردەی UN و هێزی فرەڕگەزی جیهانیدا ڕووبەڕووی شکستی تەواو بوونەوە و تەنانەت کۆفی ئەنانیش لەکۆبوونەوەی چەند ڕۆژ لەمەوبەری ئەنجوومەنی ئاسایشدا ناڕەزایەتی ئاشکرای خۆی دەربڕی بەرانبەر سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا .

ئەمریکا دەیەوێ لەڕێ ی بەشداری پێکردنی هێزی تورکیاوە لە داگیرکردنی عێراقدا چەند مەبەستێک بپێکێت :

١ _ شەرعیەتدان بەداگیرکردنی عێراق و پیلانەکانی بۆ داهاتووی ئەم وولاتە وبەدەستهێنانی چەترێکی ناوچەیی بۆ ئەو مەبەستە .

٢ _ بەرەوڕووبوونەوەی بەهێزتر لەگەڵ ناڕەزایەتی وداخوازی ومقاوەمەتی خەڵکی عێراق لەدژی داگیرکردن وئاکام و ئامانجەکانی تری سیاسەتی ئەمریکا کە جگە لەماڵوێرانی وبلاوبوونەوەی نائەمنی و تاوان وپێکدادانی قومی و دینی ولێکترازانی شیرازەی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی هیچی تری بەدواوە نەبووە .هاوکاتیش ئەمریکا ئەیەوێ بۆ سەرکوتی مقاوەمەتی پاشماوەی بەعسیەکان وهاوپەیمانە ئیسلامیەکانیان سوود لە سوپای تورکیا وەربگرێت .

٣ _ پێشگرتن بە نفووزی ئێران وهێزە ئیسلامیە شیعیەکانی ناوخۆی عێراق کەلەدوای ڕووخانی بەعسەوە بوونە بە هێزێکی سەرەکی لە هاوکێشە سیاسیەکاندا .

٤ _ پێکهێنانی وەسیلەیەکی زەخت بۆسەر پارتی و یەکیەتی بەمەبەستی دەسبەرداربوون لەهەندێ لەداخوازی و ئیمتیازەکانیان بەتایبەتی لەبواری مەسەلەی فیدرالیدا .

٥ _ پێشێلکردنی داخوازیەکانی جەماوەری کوردستانی عێراق وهەوڵیان بۆ سوودوەرگرتن لەهاوکێشەکانی ئێستا بۆ لابردنی پاشماوەکانی دەیان ساڵ چەوسانەوەی نەتەوایەتی وبەدیهێنانی باقی مافەکانیان .

٦ _ ..........

لەهەمان کاتدا تورکیاش بەشوێنی چەندین ئامانجی کۆنەپەرستی ترەوەیە و لە پێشیانەوە لەناوبردنی هێزەکانی کادیک لە کوردستانی عێراق وپێشێلکردنی مافەکانی گەلی کورد لە تورکیا وچاری ئەزمەی ئابووری و کۆمەلایەتی قووڵی ناوخۆ ولێدان لەبەرەی دژی شەڕ وخامۆشکردنەوەی نارەزایەتی خەڵک وسەپاندنی هەژاری و سەرکووت .

نووکی تیژی ئەم هاوپەیمانیە نوێیەی ئەمریکا _ تورکیا بەر لە هەمووان لەدژی بەرژەوەندی خەڵکی عێراق و کوردستانە . لەدژی هەوڵ و خەباتی ئەوانە بۆ تەکاندنی پاشماوی دەیان ساڵ سەرکوت وهەژاری وزوڵمی قومی و تەعریب وپێشێلکردنی ئیرادەی خەڵک کە دوێنێ بەعس وئەمڕۆ ئەمریکا و دەمامکەکانی ناو ئەنجوومەنی ( بێدەسەلات ) بەڕێوەی ئەبەن .

ناردنی سوپای داگیرکەری تورکیا بە پێچەوانەی درۆودەلەسەکانی سەرانی ئەمریکا وتورکیاوە بۆ پاراستی ئاشتی وهێمنی وبۆ یارمەتیدانی ئینسانیانەی خەڵکی عێراق نیە وئەوە درۆیەکە بەسەر کەسدا تێناپەڕێت . بەپێچەوانەوە ئەو هەنگاوە نەبوونی ئەمن و ئاسایش وشەڕ وکوشتار نەک هەر درێژە پێدەدات بەڵکوو بەهۆی ئاڵۆزی بارودۆخی ئێستاوە مەترسی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی چەند قات دەکاتەوە .

لەهەمان کاتدا بەم پەیمانەی لەگەڵ تورکیا ، ئەمریکا نیشانی دا کە هیچ حسابێک نەک بۆ ویست وخواستی خەڵکی عێراق و کوردستان ناکات و دۆستی ئەوان نیە بەڵکوو حساب بۆ ئەنجوومەنە کارتۆنیەکەی دەسەلاتی عێراقیش ناکات ولەیەکەمین تاقیکردنەوەدا دەور وسلاحیاتی ڕاستەقینەی ئەو ئەنجوومەنە بەئاشکرادەرکەوت .

لەبەرانبەر ئەم هاوپەیمانە شەیتانیەدا خەڵکی عێراق و کوردستان دەتوانن و دەبێ ئەم پیلانە بەتەواوی پووچەڵ بکەنەوە. ئەتوانن زۆر خێرا ودەسبەجێ بەمانگرتن ، خۆپیشاندان ، تۆمارپڕکردنەوە ، دابەزینەسەرشەقامەکانی شارەکان وبەرگری هەمەلایەنەی جۆراوجۆر لەناوخۆی عێراق و لەدەرەوە داوای سەپاندنی ئیستیفتا ودەنگدانی گشتی بکەن لەوبارەوە و بەشیعاری ( عێراق جێ ی سوپای داگیرکەری تورکیای تیا نابێتەوە ) ئەم پیلانە و خەوە کۆن و نوێکانی تورکیا و ئەمریکا پووچەڵ بکەنەوە .

ئەبێ خەڵک بەدەنگی بەرز ڕایبگەیەنێت کە تەنها سەرچاوەی بریاردان خەڵکی عێراق خۆیەتی و ئەنجوومەنی دەسەڵاتی عێراق توانای ئەوەی نیە وئەوەش باشترین دەنگدانە بۆ بەدرۆخستنەوەی درۆودەلەسەکانی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی سەبارەت بەدۆستایەتی کورد و خەڵکی عێراق وباقی درۆکانیان سەبارەت بە دیموکراتیەت ورێزدانان بۆ ئارەزووەکانی خەڵک . لەهەمان کاتدا بەوەش دەری بخەن کە ( ئەنجوومەنی بێ دەسەڵاتی عێراقی ) و لە کوردستانیشدا یەکیەتی و پارتی نوێنەری ئەوان نین ودەستەپاچەن لەبەرانبەر پاراستنی ژیان وچارەنووس وبەرژەوەندی خەڵکی عێراق و کوردستاندا .

ـ بۆ پێشەوە بەرەو پووچەڵکردنەوەی پیلانی ناردنی هێزی داگیرکەری تورکیا
ـ نا بۆ داگیرکردنی عێراق

بزووتنەوەی بنیات نانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست ـ عێراق

کۆمیتەی دەرەوە

**٩ ـ ١٠ ـ ٢٠٠٣**